# گرفتی زمانیی _ پەروەردەیی ( دیسلکسیا وەک نموونە )

**ئاڤێستا کەمال مەحموود**
**زانکۆی سلێمانی**
**بەشی کوردی**

ئەم لێکـۆڵینەوە لەبـواری جێبەجێکردنـی زانسـتی زمـانی دەروونیـی (Applied Psycholinguistics) و کـار لەسـەر ئەو چەشـنە لادانە مەعریفییە دەکـات ، کە لە بـواری پەروەردە و فێرکردنـدا تـاک توشـیی دەبێـت ،لە ڕاسـتیدا بەزانـدن و گـرفتە زمـانییە _ پەروەردەییەکـان زۆرن ، بەڵام بڵاوترینیـان بـریتییە لە (دیسلیکسـیا) هەنگاونـانیش بەرەو ناسـین و چارەسـەرکردنی ئەم گـرفتەش بە هـۆی شـۆڕبوونەوە بەنـاو هۆکارەکـان و لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکان دەبێت .

گرفتی زمانی یەکێکە لەو کێشانەی ، کە بواری پەروەردەکردن وەک ئاستەنگێک توشـی دەبێـت و خوێنـدکار و مامۆسـتایان پێـوەی گرفتـار دەبـن ،چـونکە ئەم چەشـنە گرفتـانە دەبنە لەمـپەر لە بەردەوامبـوونی خوێنـدن لە پۆلەکـانی خوێندنـدا و بە واتـایەکی دیـکە ڕێـڕەوی پەروەردەکردن و وانەوتنەوە بە شێوەیەکی ڕەوانانە بەردەوام نابێت لەبەرئەوەی ئەم گرفتانە هەم لایەنی دەروونـی خوێندکار نـاجێگیر و نائـارام دەکـات هەم مامۆستاش ناتوانێت لەیەک کاتدا هاوسەنگی لە فێربوونی نێوان قوتابیانی ئاسـایی و تایبەتدا بکـات ، بەمەش یەکێـک لە سێ ڕەگەزەکەی ناو پۆلی خوێندن توشـی قەیران دەبن ( خوێندکارانی ئاسـایی ، مامۆستا ، خوێندکاری تایبەت) .

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات خۆی بە دوو لایەنی سەرەکی ئەم گرفتەوە خەریبکـات ، کە ئەوانـیش ( لایەنـی زمـانی و لایەنـی پەروەردەی )ن ، سروشـتی گـرفتەکەش بەهـۆی لایەنـی( بـایۆلۆژی و درککردنـی سـایکۆلۆژی ) دەردەخـات ، چـونکە ئەم گـرفتە لە لایەک لەژێـر کـاریگەری ( زمـانیی_ پەروەردەیـی)دایە و لەلایەکـی تـرەوە لەژێرکـاریگەری پێـڕەوی گشـتی بیرکـردنەوەدایە هەر لەبەر ئەم وردەکـاری و تیـوەگلانە چەنـد ڕەهەنـدییەی گرفتەکە هەوڵدراوە بەهۆی چەند تاقیکردنەوە و داتایەکەوە لایەنی تیۆری و ئامارەکـانی نـاو لێکـۆڵینەوەکە پشـت ڕاسـتبکرێتەوە ، و پەیوەسـت بە ئاسـتەنگەکانەوە و هۆکـاری گـرفتەکە لێکۆڵینەوەکە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە :

١- گرفتی زمانی ( چەمک و تێڕوانین)
٢- دیسلکسیا ( چەمک و تێڕوانین)
٣- شیکردنەوەی داتاکان

## ١ ) گرفتـی زمـانیی ( چەمـک و تێـڕوانین) Language Disorder

بەگشتیی مرۆڤەکان لە قۆناغێکی تەمەندا توشی چەشنێک لە چەشنەکانی گرفتی زمانی دەبن، بەڵام زۆربەی ئەم گرفتانە هەنوکەین و تێدەپەڕن بەڵام ، ئەو چەشنە گرفتانەی ، کە کاتی زیاتر دەخایانن یاخود هەمیشەیی و درێژخایانن دەبنە کێشەی پەروەردەیی و دەبێت لە ڕێگەی پەروەردەکردنی زمانیی_ سایکۆلۆژییەوە سنوورێک بۆ گرفتداربوونی تاکەکان دابنرێت ئەم پەروەردەکردنەش دروست نابێت ، گەر سروشت و چەشنی گرفتە زمانییەکە یاخود لادانە زمانییەکە دیارینەکرێت لەبەرئەوەی گرفتی زمانی پێکەڵە لەگەڵ پرۆسەکردنی زانیارییەکان و بونیادی پێکهاتە زمانییەکان ( سینتاکس و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی ) ، هەندێک لەم گرفتانە کە منداڵان بەشێوەیەکی ئاسایی تێدا زمانیان گەشە ناکات پەیوەندی بە پێڕەوی گەشەکردنی گشتیانەوە نییە ( لایەنی فیزیکی جەستەیان) ، بەڵکو لایەنی نائاسایی لە ئاخاوتنیاندایە (Ramus , and others 2013: 630) پێیان وایە ئەم گرفتانە دەبێت پێیان بووترێت ( دامەزراندنی تایبەتی زمان Specific Language Impairment ) لەلایەکی دیکەوە گرفتی زمانی دولایەنە،چونکە سروشتی زمان دوانییە و خۆی لە قسەکردن و تێگەیشتندا دەبینێتەوە :

١. گرفتی دەربڕینی زمان Expressive Language Disorder : ئەم چەشنە گرفتە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەردەکەوێت ، کاتێک کەسەکە دەیەوێت واتا و پەیامەکانی بگەیەنێت و ناتوانێت بۆ ئەم مەبەستە تەرزی ئاخاوتنێک ڕێکبخات یان هەڵبژێرێت.

٢. گرفتی تێگەیشتنی زمان Receptive Language Disorder : ئەم چەشنە گرفتە لە پرۆسەی تێگەیشتندا ڕوودەدات ، کاتێک کەسی گوێگر ڕووبەڕووی ئاخاوتن دەبێتەوە و ناتوانێت لە پەیامەکانی کەسی قسەکەر تێبگات (Catts 1989: 50).

لە ڕاستیدا زۆربەی لایەنە بایۆلۆژییەکان بۆ زۆرێک لە گرفتە زمانییەکان نەناسراون ، بەڵام ڕەهەندی بۆماوەیی لە هەریەک لە گرفتەکاندا دەردەکەوێت بۆ نموونەچەشنێک لایەنی بۆماوەیی لە ( ئۆتیزم ، داونی سێندروم) دا دەردەکەوێت، لەلایەکی ترەوە مەرجی تێگەیشتن لە نیشانەکانی گرفتی زمانی تێگەیشتن و بەستنەوەیەتی بە لێکدانەوەی ( بەرز _ نزم ) و (نزم _ بەرز)ی بایۆلۆژی گرفتەکانەوە ، کە دەتوانین بەم شێوەیە لێیان بدوێین :

أ. لێکدانەوەی ( بەرز_نزم ) بەدوای کاریگەری بۆهێڵەکان ( جینەکان)دا دەگەڕێت ،کە هۆکاری دروستبوونی گرفتەکانن .

ب. لێکدانەوەی ( نزم _بەرز) بە دوای چەندێتی کاریگەربوون (توشهاتن) ی کەسێک لەڕێگەی ( بۆهێڵەکان)ەوە .

لێکۆڵینەوەی ( بەرز_نزم) وەک لایەنێکی نموونەی ( Optimal ) لە گرفتی زمانیی دەکۆڵێتەوە بەم پێیە حاڵەتی توشهاتنەکە وەک لایەنێکی دابڕاو لێیدەکۆڵرێتەوە لەسەر نەخۆشێکی دیاریکراو و هەموو لایەنە بایۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکانی توشهاتنەکە لەسەر ئاستێکی ستوونی دەبێت ، بەڵام لێکۆڵینەوە (نزم _ بەرز)ەکان لە پۆتاسیۆنە ئیتیکییەکان (ڕەفتار و ئەگەری دووبارەبوونەوەی گرفتەکە) دەکۆڵێتەوە ، ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە خۆی بە چەندین پرسیاری وەک ( بۆماوەی بوون لە نەوەیەک بۆنەوەیەکی تر چ کاریگەرییەک دروست دەکات ، ئایا تا چەند کۆمەڵ بەم تاکەوە خۆی خەریک دەکات و ئەم تاکەش بە چ شێوەیەک وەڵامدانەوە و تێکەڵاوبوونی دەبێت لەگەڵ کۆمەڵگادا) .

پەیوەست بەم دوو چەشنە لە لێکۆڵینەوەی گرفتە زمانییەکاندا و بەپێی ئەو شیکاری و لێکۆڵینەوانەی (Rice , Warren & Betz,2005: 7-27 ) پێشکەشیانکردووە دوو میکانیزمی سەرەکی یاخود دوو نیشانەی سەرەکی لە گرفتدارانی زماندا بە ڕوونی دەردەکەون ئەوانیش بریتین لە ( لادان deviant) و ( دواکەوتن delayed) ، نیشانەی دواکەوتن لە چەند خاڵێکدا منداڵانی گرفتدار و بێگرفت یەکدەخات هەرچەندە لە ڕووی لێهاتوویە زمانییەکانەوە لەیەکیان جیادەکاتەوە و منداڵانی گرفتدار لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا فێری زمان نابن، بەڵام نیشانەی لادان‌دا بە هیچ شێوەیەک هاوتەریبی لە نێوان منداڵانی بێگرفت و گرفتداردا نییە بەڵکو هەر لە قۆناغە بەراییەکانەوە لەیەک جیادەبنەوە وەک ئەو جیاوازییە بەرچاوەی ، کە لە نێوان منداڵانی ئاسایی و (منداڵانی ئۆتیزم و داونی) دا هەیە بە واتایەکی تر جیاکاری نێوان ئەم دوو نیشانەیە گەڕانەوەیە بۆ چۆنێتی دووبارەبوونەوەی گرفتە زمانییەکان و کاریگەری هۆکارە شاراوەکانی درککردنی دەماریی و میکانیزمە بنەڕەتەکانی جیاکاری و لێکچوون لە نێوان گرفتەکاندا ، هەروەها ئەم دوو نیشانەیە خاڵی بەستنەوەی گرفتە زمانییەکانن بە لێهاتووییەکانی تری درککردنەوە .

جگە لەو نەخۆشیانەی ، کە لە ڕوانگەی بایۆلۆژیی و ئاستی کەمی زیرەکی وەک لە (داونی ، ئۆتیزم ...هتد) تاک پێوەی دەردەکەوێت جۆرێکی دیکەی گرفت هەیە ، کە خۆی لە ئەرکی مێشکدا دەبینێتەوە و توشهاتوان لە شیکاری سەرەتای بایۆلۆژیدا گرفتەکەیان دەرناکەوێت و تەنانەت ئاستی زیرەکی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان لە ئاستێکی بەرزدایە ، بەڵام فێربوونی زمانی نوسراو ( خوێندنەوە و نوسین) گرفتدارەلە گرنگترین ئەم توشهاتن و گرفتە زمانییانە ( دیسپراکسیا Dyspraxia، دیسلیکسیا Dyslexia)یە ، دیسپاراکسیا لە وشەی گریکی ( بابکرێت) ەوە گەردانکراوە و سێ لێهاتووی بۆ ئەم ئاماژەیە پێویستە (توانای بەچەمککردن) ، ( ڕێکخستن) و ( ڕیزبەندی کرداری نائاشنا و نباو) گەر

هەریەکێک لەم لێهاتووییانە گرفتی تێکەوت ئەوا کەسەکە توشی دیسپاراکسیا دەبێت پێشی دەگوترێت ( لادانی پێکەوەڕێکخستنی گەشەکردوو ) کرۆکی ئەم گرفتەش خۆی لە نائاسایی بوونی ( تۆمارکردن ، شیکردنەوە ، ڕێکخستن و هەڵگرتنی هەست دەربارەی زانیارییەکان )دا دەبینێتەوە.

پەیوەست بە زانیاریی گشتی و زانیاریی زمانییەوە لەکاتێکدا (دیسلکسیا Dyslexia) بە جەختلێکراوی بەواتای گرفت دێت لەگەڵ زماندا و ئاماژەیە بۆ خوێندنەوە و نوسین و حونجەکردن و گرفتی فۆنۆلۆژی ( لە زمانپژاندن یان فێربوونی زمانی دووهەم)دا و توشهاتنەکە لە فێرکردن (بە تایبەت زمانی نوسین) دایە و ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی بە چەشنی گرفتی دووهەمەوە ( دیسلکسیا)ەوە خەریکدەکات و دەیەوێت ئەو هۆکارانە شیبکاتەوە ، کە ئەم توشهاتووان بەم گرفتە پێوەی دەناڵێنن و لە هەمانکاتدا هەندێک ڕێگە چارەش بخاتە بەردەستی دایکانو باوکان و پەروەردەکاران لە بواری فێرکردنی خوێندنی بنەڕەتیدا .

### ٢ ) گرفتی دیسلکسیا ( چەمک و تێڕوانین) Dyslexia Disorder

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دیسلکسیا یەکێکە لەو گرفتانەی ، کە لە قۆناغی فێربوونی زمانی نوسیندا لە منداڵاندا دەردەکەوێت هەرچەندە هەندێک لە نیشانەکانی لەسەرەتاکانی منداڵییەوە دەردەکەوێت ،بەڵام بەڕوونی و بە قەیرانەکانییەوە لە دووهەم بۆ سێهەم ساڵی خوێندنی بنەڕەتیدا ئاشکرادەبێت .

ئەم چەشنە گرفتە زیاتر وەک لایەنێکی بیرکۆڵی لە قوتابخانەدا دەردەکەوێت لەکاتێکدا ئەو کەسانەی ئەم چەشنە گرفتەیان هەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ڕادەی زیرەکییەوە کەسانێکی ئاساین و ڕەنگە پلەی زیرەکیشیان لە خەڵکی ئاسایی زیاتر بێت ، لەبەرئەوەی ئەم حاڵەتە کەمئەندامی نییە ، بەڵکو ڕێگایەکی ترە بۆ درککردنی دونیا یان شێوازێکی تری لێکدانەوەی زانیارییەکانە و لە هەندێک باردا سودبەخشەو لە هەندێک باری دیکەدا بە پێچەوانەوە چونکە ئەم حاڵەتە دەبێتە هۆی گۆڕینی خاڵەکانی پەیوەندی و تۆڕی پەیوەندی نێوان زانیارییەکان و هەموو گۆڕانێکی لەم چەشنە جۆر و ڕێگاکانی بیرکردنەوە و لێکدانەوەش لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت .

### ١/٢) ناساندنی دیسلکسا یان گرانخوێندنەوە

ئەو ناساندنانەی، کە بۆ ئەم گرفتە کراون لە چەندین تەوەرەی جۆراوجۆردا خۆیان دەبیننەوە ، بەڵام هەموویان لە چەند خاڵێکدا کۆکن ئەوانیش بریتین لەوەی کەسی توشهاتوو گرفتی لە ئەرکی مێشکیداهەیە و ئەمەش کاریگەری لەسەر بوارەکانی تری ژیانی ڕۆژانە و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تاک دروستدەکات و سەرەتای ئاشنابوونیش بەم گرفتە لە

قۆناغه سەرەتاییەکانی خوێندنەوە دەستپێدەکات( هەرچەندە نیشانەی دیکە هەیە لە قۆناغە بەراییەکانی منداڵیدا ، بەڵام زیاتر لە دوای ئەم قۆناغەوە بە ئاشکرایی ئەم گرفتە دەردەکەوێت) بۆ نموونە :

کۆمەڵەی بەریتانیا بۆ دیسلکسیا ( ٢٠٠٣) پێناسەی دیسلکسیا دەکات بەوەی " بریتییە لە تێکەڵەیەک لە توانست و تەنگژەی ئاوەزی لەلای تاکەکان ، کە کاریگەری لەسەر یەکێک یان زیاتر لە لێهاتووییە فێرکارییەکانی وەک ( نوسین ، حونجەکردن ، بیستن، خوێندنەوە ) و گرفتێکە پەیوەندی بە یادگەی کارکەر( کورت_خایان)ەوە هەیە هەروەها پەیوەندی بە (بەردەوامبوون و درککردنی بینراو و بیستراوی زانیارییەکان)ەوە هەیە لەلایەکی ترەوە کاریگەری لەسەر زمانی دەربڕاو و لێهاتوییەکانی جووڵەوە هەیە بەمەش کەسانی توشهاتوو کێشەی چۆنێتی بەکارهێنانی پیتەکانی ئەلفبێ و ژمارە و نۆتەی مۆسیقا دەبن" .

هەروەها کۆمەڵەی جیهانی بۆ دیسلکسیا ( ٢٠٠٣) پێناسەی دیسلکسیا بەم شێوەیە دەکات " دیسلکسیا گرفتی فێربوونە ، کە پەیوەندی بە دەمارەوە هەیە ، لە سیفەتەکانی گرفتەکە نەناسینەوەی ورد و خێرای یەکە زمانییەکان و خراپی حونجەکردنە و زۆربەی کاتەکان ئەم گرفتەکە لەو کێشەیەوە دروستدەبێت ، کە توشی زنجیرەی فۆنۆلۆژی دەبێت و زۆر پێکەوە نایەتەوە و پێشبینیلێکراو نییە ، کاتێک لە توانای کۆزانیاریی و زانینی کەسەکان وردەبێتەوە و بەراوردی دەکەین ، ئەم گرفتە هەر بوونی دەبێت ، هەرچەندە ڕێگاکانی وانە وتنەوە زۆرسەرکەوتوو کاریگەریش بن و ئەو ئەنجامانەی ، کە لێیدەکەونەوە ئەوەیە کەسی توشهاتوو گرفتی هەیە لە خوێندنەوە و تێگەیشتن و کەم ئەزموونە لە بواری خوێندنەوەدا ئەمەش وادەکات دەستبخاتە بەر نەشونمای کەسەکە لە بوارەکانی تردا "

لە ڕاستیدا پێناسەی کۆمەڵەی جیهانی دیسلیکسیا لە پێناسەی کۆمەڵەی بەریتانی وردەکارترە، چونکە پێناسەی کۆمەڵەی جیهانی تەنها وەسفی گرفتەکە ناکات ، بەڵکو تایبەتمەندی و هۆکارەکانی توشهاتن بەم گرفتە لەگەڵ ئەو پۆتاسیۆنانەی ، کە کەسی توشهاتوو ڕووبەڕووی دەبێتەوە ڕاڤەدەکات .

چەندین پێناسەی تر هەن بۆ دیاریکردنی سروشتی دیسلکسیا " گران خوێندنەوە ڕێگایەکی جیاوازە بۆ چارەسەرکردنی زانیارییەکان ، کە تاکەکان لە زۆرینەی تەمەنەکاندا بەکاریدەهێنن و کاریگەری دروستدەکات لە بوارەکانی زانیندا وەک یادگە و خێرای چارەسەرکردنی زانیارییەکان ، بەڕێوەبەردنی کات ، زانیاری دەربارەی کۆزانیاریی و درککردن بە ئاڕاستەکان و هەندێک جار ئەم حاڵەتە گرفتی بینین و فۆنۆلۆژیشی دەبێت


زوربەی کــات جیــاوازیەکی ڕوون هەیە بەهــۆی ئەم  هۆکــارەوە لە نێــوان تاکەکانــدا لە پڕۆسـەی فێرکردندا ، هەربۆیە شێوازی جیاجیا بۆ فێرکردنی  تاکەکان  گرنگە و بواری فێرکـردنیش بـواری سـەرەکی ئەم کێشـەیەیە ، چـونکە پڕۆســەکە پەیوەنـدی تەواوی هەیە پێوەی و لەو کاتەشدا دەردەکەوێت (امال، ۲۰۱۲:۲۰)).

لێربەشــەوە دەتــوانین بڵێـین ئەوکەســەی لە نوسـین و خوێنــدنەوەدا گرفتــی هەبێــت لە زنجیرەبەنـدی هاوکێشـەی ژمـارە و ماتماتیکیشـدا گرفتـی دەبێـت ، چـونکە کەسـەکە گرفتـی هەیە لە :

أ.           چەمکی کات  ب. ڕێکخستنی زانیارییەکان

لەم پێناسانەوە دەردەکەوێت ، کە گرفتەکە پەیوەستە بە چۆنێتی گەشـەی هزری منداڵان لەبەرئەوەی گەشـەنەکردنی ڕێڕەوی ئاسـایی ( چەمـک ، واتـا ، فۆرم ) بە لادان لە پێڕەوی زمــان هەژماردەکرێــت  و بــۆ تێگەیشــتن لە فــۆرم و گەڕانەوەی بــۆ واتــا زمانییەکــانی و بەســتنەوەی بە چەمککەکــانی نــاو بیــرەوە تــاک پێویســتی بە " زیرەکــی پێکەوەهــاتن Syncretic و زیرەکـی شـیکاری   Analytic هەیە و مەبەسـتیش لە هەردوو زیـرەکییەکە ئەوەیە ، کە مرۆڤەکان چۆن دەتوانن لە کەمترین کاتدا زۆرترین پەیوەندی و  هەڵێنجانـدن و بەستنەوە لە نێو زانیارییەکاندا جێبەجێ بـکەن. ئەو منداڵانەش ، کە گرانخوێندنەوەیان هەیە توشــی گرفتــی پێکەڵبــوونی نێـوان لایەنــی ( بیسـتەنی و دەربــڕین) بــوون لەگەڵ دەربڕینــی شــێوەیی ئەم حــاڵەتە هاوکــاتە لەگەڵ تێکچــوونی  واتــایی و ئاماژەییـدا لەگەڵ نــاڕوونی لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی بینراوی دەربڕاوە ئاڵۆز و گرانەکان، هەروەها ئەم منداڵانە نـاتوانن زمان کۆنترۆڵبکەن " ( Estienne  1972: 85-76 ).

بەشـێوەیەکی گشـتی دیسلکسـیا یـان گرانخوێنـدنەوە جـۆرێکە لە تێکچـوونی جـۆرایەتی لەکــاتی فێربــوونی خوێنــدنەوەدا لە منداڵانــدا دەردەکەوێــت بەتــایبەت ئەوانەی ، کە بە شـێوەیەکی ئاسـای لە پڕۆسـەی خوێندنـدا و  هـیچ کەمایەتییەکیـان نیـیە لە هەسـتەکانیان و زیرەکییـان ئاسـاییە و لە بـابەتی زارەکیـدا گرفتیـان نیـیە بەمپێـیە لە ڕوانـگەی ئەرکـی و دەمـارییەوە مێشـکی توشـهاتوان لادانـی هەیەو بـۆ دۆزینـەوە و ناسـاندنی گـرفتەکە پێویسـتە کەسانی توشـهاتوو بە چەند قۆناغێکدا تێبپەڕن  :Hammond , J. Hercules,F,2000) بڕوانە هێڵکاری 34 )



هێڵکاری ژمارە _١_

بە پێی هێڵکارییەکە کەسی توشهاتوو لە قۆناغی یەکەمدا هیچ دەربارەی هیچ گرفتێک نازانێت و لە قۆناغی دووهەمدا هەست بە جیاوازی دەکات لەگەڵ خەڵکانی ئاسایدا و لە قۆناغی سێهەمدا هەوڵدەدات چارەسەر بۆ کێشەکەی بدۆزێتەوە و لەماوەی نێوان قۆناغی (٣-٤) دا کۆمەڵێک هەنگاوی تر هەیە کە کەسانی توشهاتوو بە دیسلکسیا و فێرکارانیان دەیگرنە بەر ئەویش پەرە دانە بە ( نەخشەی هزری و پەیوەندی نێوان وشەکان و دەستنیشانکردنی بیری سەرەکی و لاوەکی لە بیستن و خوێندنەوەدا ) کۆتا قۆناغیش قۆناغی چوارەم بریتییە لە بەردەوامبوون لەسەر ڕێگەچارەی دۆزراوە و بەکارهێنانی ستراتیژەکانی فێربوون .

بە شێوەیەکی گشتی چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر دیسلکسیا کراوە ، کە بە چ شێوەیەک و لە چ ڕەگەزێک و ژینگەیەکدا زیاتر سەرهەڵدەدات،( Shaywitz and Others 1990:6)پێی وایە " ئەم گرفتە لە نێرومێدا وەک یەک سەرهەڵدەدات و بوونی هەیە " بەڵام (Orton,1937) پێیوایە"ئەم گرفتە لە نێردا زیاترە تاوەکو مێ" هەندێک لێکۆڵینەوەی دیکەش پێی وایە ، کە "دیسلکسیا تەنها لە زمانی یەکەمدا ڕوونادات بەڵکو زمانی دووهەمیش دەگرێتەوە" (Dinklage, 1971:22) .

## ٢/ ٢) جۆر و چەشنەکانی  دیسلکسیا
وەک دەستپێکێک پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان جۆرەکانی دیسلکسیادا ، چونکە جۆرەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر خودی زمان و چۆنێتی فێربوون و فێربوونەوەی زمان لەلایەن تاکەکانەوە هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دوو جۆری سەرەکی لە دیسلکسیا دیاریدەکرێت :

١. دیسلکسیای بەدەستهێنراو  (Acquisition Dyslexia)
٢. دیسلکسیای گەشەسەندوو (Developmental Dyslexia )

یەکەم جۆری دیسلکسیا بەهۆی تێکچوونی مێشکەوە لەڕێگەی ( شۆکی مێشک و بەرکەوتنی مێشکەوە) تاک توشی دەبێت وەک لەکاتی ( جەڵدەی دەماغ و تیاچوونی بەشی لای چەپی مێشک لە ڕووداودا ) و جۆری دووهەمیش بە تێکچوونی زمانی دادەنرێت و لە ئەنجامی گەشەنەسەندی پێرەوی شیکردنەوەی زمانی نوسراوەوە دروستدەبێت ئەمیش چەند چەشنێکە

**یەکەم /  دیسلکسیا( گرانخوێندنەوە)ی فۆنۆلۆژی (The Phonological Dyslexia):**

" ئەو منداڵانە دەگرێتەوە ، کە گرفت و کەموکوڕی دەنگیان هەیە و سەرەتای ئەم گرفتەش خۆی لە تەواوکاری نێوان دەنگەکانی پیتەکاندا خۆی دەبینێتەوە"( امال٢٠١٢:15) ، ئەم منداڵانە توانای خوێندنەوەی وشە و حونجەکردنیان نییە ، چونکە ستراتیژی گۆڕینی (پیت بە دەنگ)یان لانەبووە بە شێوەیەکی ئامێری و بەمەش منداڵەکە ناتوانێت پیت و دەنگەکە لە کاتێکی کەمدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە .

هەریەک لە ((Doctor &Broom ,1995: 725-766) هەندێک تایبەتی ئەم چەشنەیان دیاریکردووە لەوانە :

١. تەمەنی خوێندنەوە و تەمەنی منداڵان نزیکەی (٣-٤) ساڵیان لە نێواندایە ،
٢. بە گران دەتوانن (ناوشە) بخوێننەوە .
٣. هەندێک هەڵەی بینین ڕوودەدات لە کاتی خوێندنەوەی وشەکاندا ،
٤. تێگەیشتنی ئاسای بۆ وشە هاودەنگەکان ( هاوبێژ ) واتا لەیەکیان جیاناکاتەوە /
٥. هەڵەی ئاماژەیی (واتایی) ناکەن .

**دووهەم/دیسلکسیای گەشەسەندووی ڕووکەشی (The Surface Developmental Dyslexia)**

ئەم چەشنە لە گرفتەکە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە ، کە کەموکورتی سەرەتای لە توانای درککردنی وشەکانیاندا هەیە و ناتوانن بە ئاسانی وشەی ئاسای و ناوازە بخوێننەوە و ئەم وشانە وەها دەردەکەون ، کە بۆ یەکەمجار دەیناسن ، چونکە ناسینەوەی بینراوی ئۆتۆماتیکیان بە شێوەیەکی سانا ڕونادات لەبەرئەوەی گەنجینەی پڕاوپڕی وشە بینراوەکانیان نییە و زۆربەی کات ئەم حاڵەتە گرفتی مەعریفی و درککردنیش لەگەڵ خۆیدا دروستدەکات ، لەگرنگترین تایبەتییەکانی :

١. نەبوونی مەعریفە و کۆزانیاری تایبەت دەربارەی نوسینی وشەکان و ئەو کەسانەی ئەم چەشنە گرفتەیان هەیە شێوەی نوسراوی وشەکان ناناسن هەرچەندە لەوەوپێشیش چەند جارێک لەگەڵ ئەو وشانەدا ڕووبەڕووبوونەتەوە ،

٢. نوسینیان زۆر ، خراپە چونکە ئەوەی گوێیان لێیەتی دەینوسن واتە چۆن، گوێیان لێیەتی وەهاش دەینوسن و ناتوانن پەنا بەرنەبەر ئەو شێوە و فۆرمانەی نوسین ، کە پێشتر لای خۆیان هەڵیانگرتووە ،

٣. هەموو بەدوایەکدا هاتنێکی نوسین بە وشەی زمانەکەیانی دەزانن ،

٤. هەموو جارێک وێنەیەک بۆ وشەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێن و پێیان وایە ، کە وێنەیەکی تەواو دروستە بە تایبەت گەر وشەی لێکچوویان هەبێت لە دەربڕیندا ، چونکە هەموو جارێک شێوەیەکی نوێ لە نوسین و دروستکردنی شێوەدا دادەهێنن،

٥. لە نوسینی وشەی هاوبێژدا هەڵەدەکەن لە نوسین و پێناسەکردنیشدا ئەم چەشنە گرفتی یادگەی کارکەریان هەیە لەسەر ئاستی بینین و سەرنجدان (Visuo-Attenional).

**سێهەم / دیسلیکسیا( گرانخوێندنەوە)ی تێکەڵ (The Mixed Dyslexia )**

ئەم چەشنە هەردوو جۆرەکەی تر لە خۆدەگرێت ( گرفتی دەنگی و درککردنی وشەکان) هەربۆیە ، کە زۆربەگران بە شێوەیەکی پڕاوپڕ درک بە وشەکان ناکەن .

ئەو منداڵانەی ، کە گرفتداری ئەم چەشنەن لە گرانخوێندنەوە گرفتەکەیان لە ڕێڕەوی بەکارهێنراوی کۆکردنەوە و ناردندا سەرهەڵدەدات ، هەروەها ئەم چەشنە تێکەڵ دەبێت

لەگەڵ نابینـای خوێنـدنەوە و بەهـۆی توشـهاتنی مێشـکەوە دەبێـت و زۆربەی لێکـۆڵەران ئەم چەشنەیان فەرامۆشکردووە لەبەرئەوەی کەمن و لە حاڵەتی تایبەتدا دروستدەبێت .
بەگشتی سیماکانی پێش چونە قوتابخـانە خۆی لە ( نەزانینـی ئاڕاستەکان ، لە پێکردنـی پـێڵاو بە پـێچەوانەوە ، درەنــگ گەشــەکردنی زمــان و پــاکبوونەوەی زمــان ) ، بەڵام لە گرنگترین سیماکانی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندندا بریتین لە :

١. گران ناسینەوەی دەنگ و پیت .
٢. تێکەڵکردنی وشە لێکچووەکان لە کاتی خوێندنەوە بە دەنگی بەرز .
٣. ڕیزبەندی دێڕەکانی لێتێکدەچێت.
٤. ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ وشەی نوێدا بکات ، چونکە ناتوانێت بیانناسێتەوە .
٥. خاو نوسین یاخود نەتوانینیی نوسین .
٦. نوسینی ناڕێک و هەڵگەڕانەوەی پیتەکان .

## ٢/ ٣) هۆکار و پەیوەندییە سایکۆلۆژییەکانی دیسلکسیا

پەیوەسـت بە بونیـادی گـرفتەوە چەنـد هۆکارێـک دەبـنە هـۆی ڕوودانـی هەرچەنـدە بـۆ چارەسەرکردنی کارکردن لەسەر گرفتەکە هەندێک لە هۆکارەکـان یاریدەدەر نـین ،چـونکە کێشــەکە ڕوویـداوە و بەهـۆی دەرمــان و نەشـتەرگەرییەو چارەســەر ناکرێـت ، بەڵام وەک ڕێبازی شیکردنەوەی زانستی پێویستە لەسەرەتاوە هۆکارەکان و نیشانەکانی دیاریبکرێن.
بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرەکان لە گرنگترین ئەو هۆکـارانەی دەبـنە سـەرهەڵدانی ئەم گرفتە بریتین لە هۆکاری ( بایۆلۆژی ، گرفتی سەرنجدان و درککردن ، ژینگە ).

### ١. هۆکاری بایۆلۆژی

گـرفتە بایۆلۆژییەکـان زۆر ورد و شـاراوەن و لەسـەر ئەم ئاسـتەش چەنـدین لێکـۆڵینەوە لەســەر دیسلکســەکان کـراوە و دەرکەوتـووە ئەو کەســانەی بەم گـرفتەوە دەنــاڵێنن گرفـت لە پلەکانی پێشەوە و لای چەپی مێشکیاندا هەیە و لای ڕاستی مێشکیان چالاکە (Hales, G.1994) و دەبن بە چەشنی سەرەکییەوە :

**أ. گرفتی پێکەوەنەگونجانی توێکڵی مێشک Focal Cortical Digenesis :**

ئەم گــرفتە لە کــاتی دروســتبوونی تــوێکڵی مێشــکدا ســەرهەڵدەدات واتە لە دەرەوەی خانەکان و لە توێی دەرەوەی خانەکاندا لە ناوچەیەکی زۆر ڕوونی توێکڵی مێشکدا هەندێک نــاڕێکخراوی و تێکچـوون دەبینرێـت لەکاتێکـدا ئەم حــاڵەتە لە بــاری ئاسـایدا زۆربەوردی

شێوەی توێکڵەکە دیارە و خودی تێکچوونەکەش لەسەرەتاکانی گەشەکردندا لە ناو منداڵداندا کورپەلە توشی دەبێت و لە تاقیکردنەوەدا دەبینرێت .

**ب. لیمفی ڕەقبووی میلن Fibro Myelin plaque**

ئەوەی لەم بارەیەوە تێبینی کراوە ئەوەیە ، کە بەشێوەیەکی دووبارەبووەوە لە سەر ئەو میلینانەی ( ناوەڕاستی تەوەری خانەیە واتە خانەکانی شوان و توشی بە فایبەر بونێک دەبن) ، کە تاقیکراونەتەوە نەوازەبوون هەیە ( شذوذ) و لە شێوەی قەڵبە(Scar)دا دەردەکەون بەواتایەکی تر ئەم قەڵبانە لیمفی ڕەقبوون لەسەر میلنەکان و ناهێڵن بازنەی توێکڵی مێشک ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن و پڕۆسەی کارەبایی ناویان بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕەوان کاربکات.


بەشێوەیەکی بنەڕەتی بیروڕاکان وەهایە ، کە ئەم حاڵەتە لە زگماکیی یان لە حاڵەتێکی توشهاتنەوە دروستدەبێت چونکە بە تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵان دەرخراوە هەموو بازدان و کەموکورییەکی بۆ هێڵی دەبێتە هۆی نەوازەبوون و ( شذوذ) توێکڵی مێشک .

لەڕاستیدا بەبێ بەکارهێنانی (X ray) بەڵکو بە بەکارهێنانی هێڵکاری کێڵگەی موگناتیس ( MRI) ئەوە بینرا ،کە هەندێک لەم لادانە گەشەسەندووانە ( لە قەبارەو شێوەی توێکڵی مێشک)دا جیاوازی و لادانی گەشەسەندوو و تایبەت دروست دەکات لە ناسینەوەی ( زارەکی و بیستەنی )دا و پێیدەوترێت ( نەناسینەوەی هەستی زارەکی بیستەنی Auditory Verbal Agnosia ) ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە زۆربەی گرفتەکانی ترەوە هەیە لەوانە (ئۆتیزم و دیسلکسیا).

هەندێک تاقیکردنەوەی تر لەسەر زیادبوونی کارلێکی(أیضي) کراوە ، کە ئەم حاڵەتەش پەیوەندی بە بڕی ئۆکسجین و شەکر و ئاڵوگۆڕی گازەوە هەیە لە ڕۆشتەی خوێندا بۆ مێشک و ئەم پێوانەیە بەهۆی تەکنیکی وێنەگرتنی پۆزیترۆن(Positron)ەوە ئەنجامدراوە و تاقیکردنەوەکە لەسەر ئەو کەسانە کراوە ، کە پێشتر و لە منداڵیدا دیسلکس بوون و بینرا ، کە گۆڕانکاری لە چالاکی مێشکیاندا هەبووە و بە تایبەت لە کۆتایی ناوچەوانە پل و دیوارە پل ، کە پێیدەگوترێت (Posterosuperior).

**٢ . گرفتی سەرنجدان و درککردن**

سەرنجدان و جەختکردن یاریدەی قوڵ تۆمارکردنی زانیارییەکان دەدەن و بەڵگەن بۆ بڕی چالاکی هەستی درککردن بەواتایەکی تر هەستکردنە بە پێویستی شتەکان ، هەر لەبەر ئەم چەشنە پێناسەیەی سەرنجدان و جەختکردن((45 :1993, Fitch) (Tallal,Miller and) ئەم گرفتە بە پرۆسەکانی درککردن و خێراییەوە دەبەستنەوە و پێیان وایە ، کە دیسلکسیا گەشەکردنی ناپاسابەندی زمانییە ( چ قسەکردن بێت یان نوسین) بەمەش پەیوەندی تەواوی بە توانای پەیپێبردنی دوو دەنگی زمانەوە هەیە ، کە لە ڕێکخستنێکی کاتیدا دەردەکەون واتە یەکەم دەنگ ،کە دەریدەکەین کاتی یەکەمە و دووهەم دەنگیش کەی دەردەکەوێت بەمەش دەوترێت ( پرۆسەکردنی کاتیی Temporal Process ) گرفتەکە لەم دوو کاتییەدا دەردەکەوێت ، کە کەسێکی دیسلیکس خاوترە پرۆسە کاتییەکەی لە کەسێکی ئاسایی وەک درککردنی فۆنێمەکانی وشەی ( با ) لە زمانی کوردیدا ئێمە پێمان وایە منداڵێکی کورد بەم شێوەیە درک بە فۆنێمەکان دەکات وەک لە هێڵکاری( ٢ ) دا دەردەکەوێت .




هێڵکاری _٢_

لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت ، کە گرفتی درککردنی کەسانی دیسلکس بە توندی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ، کە کەسانی توشهاتوو دەتوانن وێنەی سێ ڕەهەندی تێبگەن و گرفتیان لە بەکارهێنانی ڕەمز و وێنەی دوو ڕەهەندیدا هەیە بەمەش گرفتیان لە بیرکردنەوە بە وشە هەیە لێرەشەوە پەیوەندی چارەسەرکردنی وێنەکان لە یادگەر کارکەردا وەک پێویستییەکی هەنووکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە گرفتی دیسلکسیا پێویستە ( لەبەر ئەم هۆکارەش لە پارێکدا بە وردی لەم پەیوەندییە دەدوێین ).

### ٣. ژینگە

سـەرچاوە و لێکۆڵینەوەکـان زوربەیـان گرنگـی بەهۆکـاری ژینگەیـی نەدراوە، چـونکە خـودی ژینـگە پەیوەنـدی تونـد و پڕاوپـڕی بە بوارەکـانی فێرکـردنەوە هەیە دوای ئەوەی دیسـلیکس بـوون لە کەسـەکاندا ڕوویـداوە واتە مـامەڵەی فێرکـاری هۆکـاری مـانەوە یـان کەمکـردنەوە و ڕەوانـدنەوەی دیسلکسـیایە و کەمجـار نەزانینــی وانەوتـنەوە و مـامەڵەی ژینگەی جۆراوجۆر دەبێتە هۆی دروستبوونی دیسلیکسیا، بەڵکو ژینگە جۆراوجۆرەکان دەبنە هۆی درەنگ فێربوون لە ڕەوشێکی ڕووکەشدا ، بەڵام دیسلکس وەک گرفتی زمـانی ، ژیـنگەی لەبـار هێـوری دەکـاتەوە و یارمەتیـدەدات پەرەنەسـەنێت ، بەڵکـو بە پـێچەوانەوە شوێنەوارە خراپەکانیشی دەسڕێتەوە بەواتایەکی تر ژینگە هۆکاری دروستبوون نییە هێندەی هۆکاری ساناکردنەوە یان ئاڵۆزتر بوونیەتی .

## ٣/٢ _٢)پەیوەنـدییە سـایکۆ_ زمانەوانییەکـانی یـادگەی کارکەر بە گرفتی دیسلکسیاوە

زانیارییەکان بە لێشاو بە یادگە دەگەن هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەبێت ڕێکبخـرێن و چارەسەر بکرێن تاوەکو بە ئاسانی بەدەستیان بهێنینەوە .

زانیارییەکان لە یادگەی کارکەرەوە دەچنە یادگەی درێژخایـان و لەم نێوەندەشـدا زوربـەی زانیـارییە نـا پێویسـتەکان فەرامۆشـدەکرێن ، سـەرەتای وەرگرتنـی زانیارییەکـان لە یـادگەی هەستییەوە دەستپێدەکات ( زانیاری بیستراو بینراو پەیوەست بە زمـانەوە ) وەردەگرێت هەر بـۆیە ئەم یـادگەیە بە ( وەرگـری هەسـتی) یـش ناودەبرێـت ، چـونکە دوو کـاری گرنـگ لە ماوەی ¼ چرکەیەکدا دەکات ، کە ئەوانیش بریتین لە:

١. لە چێوەدانی کتوپڕی ،
٢. گوشینی شێوەی بابەتی درککراو .

لەم یــادگەیەدا و لەو کــاتە دیــاریکراوەدا پەیوەســت بە نوسـینەوە ( ٢٥ ) پیـت وێـنە دەگیرێـت لەگەڵ هەمـوو زانیـارییەکی بینـراو ( شـێوەکان و وەسـتانەکان و جووڵەکـانی) بەبێئەوەی گۆڕانیان تێدا بکرێت .

پــاش ئەم چارەســەرکردنە یــادگەی کــارکەر( کورتخایــان) دەســتدەگرێت بەســەر وەرگیراوەکانـدا، و لە ژێـر چەنـد کاریگەرییەکـدایە لەوانە ( ئاگـاداریکردن ، ڕێکخسـتن ، سەرنجدان ، پێویستی ، هاندان) هەروەها " یادگەی کارکەر کـاری شیکردنەوە و لێکدانەوە و بەستنەوەش ئەنجامدەدات"( مەحموود، ٢٠١٢: ٧٩).

یادگەی کـارکەر لە سـێ بەشـی سـەرەکی پێکدێت ( ناوەنـدی ڕێکخەر ، سـکێچی بینین ، زنجیـرەی فۆنۆلـۆژی " (Baddeley, A.D,1986:47-89) ناوەنـدی ڕێکخەر یـارمەتی

هەمـوو زانیارییەکـان دەدات بەشـێوەیەکی گونجـاو لە پێڕەوەکانیانـدا ڕێکبخـرێن بە تـایبەت زانیــارییە زمانییەکــان لە لێهاتووییەکانیانــدا بە شــێوەیەکی سیســتەماتیکی ڕێکــدەخرێن بەمەبەستی بەدەستهێنانەوەیان ، هەروەهـا زنجیـرەی فۆنۆلـۆژیش چارەسـەری زانیـارییە دەنگییەکان دەکات و گەشەی ئەم زنجیرەیە تـا تەمەنـی (٦) سـاڵانەو کـاتی چوونە قوتابخـانە منداڵان هەموو وشـەیەکی بینـراو و دەربڕاو کۆددەکەن و دەینێرنە کۆگـای فۆنۆلـۆژییەوە و بەم هۆیەشەوەیە منداڵان دەتوانن وشەی دورودرێژ لەبەربکەن .

لەلایەکـی تـرەوە سـکێچی بینینـیش هەڵگـری هەمـوو زانیارییـانە وێنەییەکـانە و لایەنـی بینـراو لە دوای ( ٦) سـاڵانەوە دەردەکەوێـت ، بەڵام درێـژی وشــەی بینـراو لە دوای (٨) سـاڵییەوە دەردەکەوێت و لەبەر نەبوونـی وشـەی بینـراویش تـا ئەو تەمەنە هەست بە کـاری زنجیرەی فۆنۆلۆژیش ناکەین هەرکاتێکیش یەکەی دەربڕاوی بینراو و وشـەی درێژ سـەرلە نوێ کۆدنەکرانەوە ئەو کاتە واتـای ئەوە دەگەیەنێت ، کە گرفت لە کۆدکردنی فۆنۆلۆژی و کۆگای فۆنۆلۆژیدایە .

پەیوەسـت بە زمـانی نوسینیشــەوە ئەو ئـامێرێتییەی یـادگەکە دەیگـرێتە بەر ئەوەیە ، کە هەموو زانیـارییەکی ( بینـراوی نوسـراو ) گرانتـر دەیناسینەوە و لێیتێدەگەین ، چونکە ئێمە لەکاتی خوێندنەوەدا وێنە پیتییەکـان دەبینین و دەبێت بیـانگۆڕین بـۆ ( بینـراوی بیسـتراو ) لە شێوەی ( خوێنـدنەوەی بێدەنگ)دا یـان ( خوێنـدنەوەی بەدەنـگ)ەوە و لە ( ٨) سـاڵیدا یەکەی کۆگـای فۆنۆلـۆژی کـاریگەر دەبێت بە لێچـووی فـۆنێمی ( فـۆنێمە لێکچووەکـان) و درێـژی وشـە چ بۆ وشـەی ( بینـراو/ لە خوێندنەوەدا ) یـان ( نوسـراو/ لە کـاتی نوسـیندا ) ، چـونکە هەردوو جــۆرەکە پێویســتیان بە ڕێڕەوێــک هەیە پێیــدا تێــپەڕن و بــگەنە یەکەی کۆگــای فۆنۆلۆژی و بۆ ئەوەی سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی دووبارەکراوە بهێنرێنەوە بەواتایەکی تـر بتـوانین بـۆ جـارێکی تـر ئۆتۆماتیکیـانە دووبارەیـان بکەینـەوە، بەڵام لە کەسـانی دیسلکسـدا نـاتوانن ئەم میکـانیزمە ئۆتۆمـاتیکییە بەگەڕبـخەن و هەر ئەمەشـە وادەکـات زۆر بە خـاوی بتوانن(هەندێک جار ناشتوانن) بنوسن یان بخوێنەوە .

لە ڕێگەی لێکدانەوەی پێشەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە گرفتی دیسلکسیا هۆکـارەکەی لە نێوان زنجیرەی فۆنۆلۆژی و سکێچی بینینداپە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بانگهێشتەش پێویستە لە سروشــت و تایبەتییەکــانی زنجیــرەی فۆنۆلــۆژی یــادگەی کــارکەر بــدوێین زنجیــرەی فۆنۆلۆژی دوو پێکهاتەیە :

١. یەکەی کۆگا (گەنج_هەڵگر)ی فۆنۆلۆژی ،
٢. پڕۆسەی چاودێری ئاخاوتن .

هەموو کاریگەری و تێکچوونێک لە ناوچەکانی زنجیرەی فۆنۆلۆژیدا دەبێتە هۆی لادان لە درێژی وشە و دووبارەنەبوونەوەی دەربڕاوەکان و کرتاندن و کەموکورتی لە ڕێژەی دەربڕیندا بەمەش زنجیرەی فۆنۆلۆژی دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێک کاریگەرییەوە ، کە بۆ کەسانی دیسلکس گرفتدارتردەبن و کاریگەرییەکان قوڵتر دەبنەوە لەبەر پچڕانی هاریکاری لە نێوان سکێچی بینین و زنجیرەکەدا لە گرنگترین ئەو کاریگەرییانە :

١. کاریگەری لێکچوونی فۆنۆلۆژی : بە پێی ئەم کاریگەرییە یەکەی پێویست بۆ لێکچووە فۆنۆلۆژییەکان کەمترە لە ئەو یەکە فۆنۆلۆژیانەی ، کە لە یەکتر دوورن و کاتێک وشە بیستراوەکان ڕاستەوخۆ دەچێتە یەکەی کۆگای فۆنۆلۆژییەوە بە بێئەوەی بە دەنگ یان بێدەنگ دەربڕێن ، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر زانیارییەکان دەنگی نەبوون و بینراو بوون ئەوا لێرەدا ئەرکی زنجیرەی فۆنۆلۆژی دێتە ناوەوە بۆئەوەی زانیارییەکان بکات بە دەنگ و دواتر لە یەکەی هەڵگرتنی فۆنۆلۆژیدا هەڵیانبگرێت .

٢. کاریگەری درێژی وشە : هەمیشە وشەی کورت باشتر هەڵدەگیرێت لە وشەی درێژی لە یەکتر نەپچڕاو بەڵام لە کاتی دەربڕیندا ئەم حاڵەتە زۆر بایەخپێنادرێت ، چونکە دووبارەکردنەوەی هەر یەک لە یەکەکانی کۆگای هەڵگرتنی فۆنۆلۆژی واتە چەسپاندنی لە هەمان شوێن و جێکەوتەدا لە کۆگاکەدا .

٣. کاریگەری کرتاندن لە دەربڕیندا : کاتێک بڕگە یان کەرتێک لە ئاخاوتنەکان دەکرتێنین هەوڵدەدەین پێش نوسین وبۆ نوسین دوبارە دروستی بکەینەوە و بیری خۆمانی بهێنینەوە ،بەڵام لە دیسلکسدا ئەم دووبارە پێکەوەلکانە و هێنانەوەیە سەرکەوتوو نابێت ، چونکە هەموو کەرەستەیەکی بێدەنگ توانای دروست بوونەوەی نییە لە شێوەی وێنەدا ، واتا نەچووەتە زنجیرەی فۆنۆلۆژییەوە بۆیە توانای هێنانەوەشی نابێت ، هەروەها ئەو وشانەی فێریاندەبێت پێیان ڕادێت هەوڵدەدات وێنەیان لە دەرەوەی زمان بۆ بدۆزێتەوە ، چونکە بەم شێوەیە ئاسانتر دەهێنرێنەوە تاوەکو ئەو وشانەی ، کە وێنەی سێ ڕەهەندیان نییە و کەسی دیسلکس ناتوانێت بە وێنەیەکی ئاشناوە بیانبەستێتەوە بۆ ڕوونکردنەوە بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٣) ، کە گرفتی نەناسینەوەی کەرەستە ڕێزمانییەکان دیاریدەکات لەبەرئەوەی هەڵگری وێنەی ئاشکرا نین .




هێڵکاری _ ٣_

٤. دابەشکردنی ڕێژەی دەربڕین : ڕێژەی دەربڕین پەیوەندی بە خێرایی دەربڕینەوە هەیە وەک ئەوەی داوامان لێبکرێت ژمارەکانی( ١-١٠) بە خێراییەکی زۆر بخوێنینەوە هەر هەڵەیەک لەم حاڵەتەدا چەشنێک لە گرفتمان نیشان دەدات بۆ نموونە خاوی هێنانەوەی زانیارییەکان لای کەسێکی دیسلکس دەبێتە هۆی کەمی ڕێژەی دەربڕین بە تایبەت لە دەربڕینی وێنەیدا .

## ٢/ ٤ ) جۆری زمان و دیسلکسیا

جۆری زمان کاریگەریی لەسەر گرفتی دیسلکسیا و فێربوونەکانی دەکات ، چونکە زمان دەبێتە هۆی گۆڕان لە ئاماژە واتاییەکاندا واتە زمان ئەو ڕێگایەیە ، کە ئاماژەکانی دەرەوەی خۆی واتایان بۆ بدۆزێتەوە و لە هزردا هەڵیانبگرێت هەتا ئەو کاتەی پێویستی بە بەکارهێنانەوە دەبێت لەبەر ئەم بۆچوونە پێویستە لایەنی درککردن و پێڕەوی ئەلفبێی زمانەکان شیبکرێتەوە بەمەبەستی دیاریکردنی خێراترین و بەهێزترین ڕێگاکانی فێربوون :

**<u>یەکەم : درککردنی زمانی</u>**

گرفتی دیسلکسیا لە ڕەهەندی درککردندا ڕووبەڕووی چەندین لادان دەبێت بۆ نموونە کەسێکی (دیسلکس ) چەند جۆرە هەڵەیەک دەکەن ، کە پەیوەندی بە بونیادی زمانی و فەرهەنگ و مۆدێلی زمانەوە هەیە لەوانە :

١. گۆڕانە ئاماژەییە واتاییەکان : کەسی دیسلکس هەوڵدەدات لەبریدانان بکات لە بەکارهێنانی وشەکاندا بۆنموونە وشەیەک بە وشەیەکی نزیک لێی لەبریدەداتەوە وەک ( سەگ) بە ( گورگ ) لە کاتی خوێندنەوەدا دادەنێت ،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییەکی

زمـانی واتە بونیـادی پێکەوهـاتنی وشـەکان گرفتداردەبێت  بە شێوەیەک هەتـا پێکەوەهـاتنی وشـەکان چڕ و بەناویەکداچووبن لە زمانێکدا گرفت بۆ کەسـانی دیسلـکس زیـاتر دەبێت لە زمانی کوردیدا جێنـاوە لکاوەکـان و دروستەی مۆرفۆسینتاکس یەکێکن لەو گرفتـانەی ، کە بۆشای زمانی بۆ کەسانی دیسلکس دروست دەکەن .

٢.  گۆڕینەوە: کەسانی دیسلکس لە نێوان ئەو وشانەدا ، کە هەمان ڕێکخستنیان هەیە گۆڕینەوەدەکەن وەک ( نۆک: کۆن) ، هۆکـاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تێکچوونێک لە ناسـینەوەی دەنگەکانـدا ڕوویانـداوە و بەمەش ناسـینەوەی فۆنێمەکـان ئاسـتەم دەبێـت بە تایبەت لە نەبزوێنەکاندا .

٣.  زیادکردن و خستنەپاڵ : کاتێک ناتوانێت وشـە بخوێنێتەوە پیتێـک یـان زیـاتری بۆ زیاددەکات .

**<u>دووهەم : پێرەوی ئەلفبێ ( پەیوەست بە زمانی کوردییەوە)</u>**

پەیوەنـدی پێـڕەوی ئەلفبـێ ڕاسـتەوانەیە لەگەڵ ئاسـانکردن یـان گرانکردنـی گرفتـی دیسلکسیادا ، چـونکە تـا ڕادەی لێکچـوونی هێماکـانی نوسین زیـاد بێت گرفتـی ناسینەوە لە نێوان لێکچووەکاندا زیاددەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بانگهێشتە هێماکـانی زمـانی نوسینی زمانی کوردی بە ئەلفبێی ( عەرەبی) هەڵدەسەنگێنین :

أ.  **گرفتـی نزیکـی شوێنی دركانـدن** : گرفتـی نزیکـی هەندێک لە دەنگەکـان لە شوێنی دەربڕینـدا دەبێتـە هـۆی نەناسـینەوەی فۆنێمەکـان وەک: ( / ا: ە / ، / س: ز /  ، / ج: چ / ، / د: ت /  ، / ب : پ / ، / ق: گ : ک / ، / ش: ژ / ، / ح: ع : ە / ، / ف: ڤ / ، / م : ن/....) ،

**بڕوانە (** محەمەدی مەحویی  (٢٠٠٠_ا) ، غازی عەلی خورشید ( ٢٠١١) ).

**<u>گرفتـی لێکچـوونی نیگـار</u>**: نزیکـی وێـنەی نوسـراوی پیتەکـان  لە بیـرکەوتنەوە و ناسینەوەیاندا گرفت دروست دەکـات  وەک :  ( ب ، پ ، ت ، ن ) ، ( ر ، ڕ ، ز ، ژ ) ، ( ک ، گ ، ل، ڵ ) ، ( و ، وو ، ۆ ) ، ( ی ، ێ ) ، ( ف، ق ، ڤ ) ، ( ش ، س ) ، ( ج، ح، خ، چ ) ، ( ع ، غ )

بەم پێـیە یەک نیگـار چەنـد جارێـک وێـنەکەی لە ڕێـگەی ( حەوت و خـاڵەوە ) گۆڕاوە .

**پ. فره شێوەی نیگار**:لە زمانی کوردیدا هەندێک لە پیتەکان لە شێوەی نوسیندا بە پێی شوێنەکانیان زیاتر لە یەک نیگاریان هەیە وەک ( س ، سـ ) ، ( ج ، جـ ، ـجـ) ، ( ع ، عـ ، ـعـ) ، (ی ، یـ) ، ( ک ، کـ ) ، ( ف ، فـ ) .

ب. **وشەی درێژ و لێکدراو** : زمانی کوردی پێڕەوی لێکدان لە پێناو دروستکردنی وشەی نوێدای بەهێزە و وەک لایەنی ڕێزمان دروستیش پێویستە ئەم چەشنە وشانە پێکەوە بنوسرێن ، چونکە یەک وشەن ، بەڵام ئەم تایبەتێتییە دەبێتە هۆی گران تێگەیشتن و خوێندنەوەی لەلایەن منداڵانی دیسلکسەوە هۆکارەکەشی ئەوەیە گرفتداران بە دیسلکسیا ناتوانن وشە درێژەکان بەیەکەوە بهێننەوە و بیانخوێننەوە یان بیاننوسن .


هەرچەندە ئەم لایەنانە گرفتدارن بۆ دیسلکسیا ، بەڵام لە هەمانکاتدا لایەنی چاک و بەسودیش لە پێڕەوی نوسینی زمانی کوردیدا هەیە بۆ نموونە :

١. نەبوونی پێڕەوی (حرکات) ی ڕێزمانی وەک ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا هەیە ئەم لایەنە وا دەکات کەسی دیسلکس خۆی تەنها بە پێڕەوی پیتەکانەوە خەریک بکات و دوو پەیڕەو نەبێت .

٢. دیاریکردنی شوێنی گۆڕاوی سترێس لە کاتی دەربریندا ، بەڵام دیارینەکردنی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە پێڕەوێکی هاوتا بە پێڕەوی پیتەکان ئەمەش کارئاسانی بۆ فێربوونی دیسلکسەکان هەیە تەنانەت هەندێک سترێس خراوەتە پێڕەوی پیتەکانەوە وەک ( کوردیی ، سوور ، کەللە ، میللەت ، زیللەت...) .

٣. نە نوسینی پیتێک ، کە نەخوێنرێتەوە ، کە لە زمانێکی وەک فەرەنسی بەتایبەت و لە ئینگلیزیشدا دەبینرێت .

لە ڕاستیدا لێکچوون لە نێو نیگاری پیتەکاندا ئاسانکاری بۆ بیرکەوتنەیان دەدات لای منداڵانی ئاسایی ، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمانپێدا بۆ کەسانی دیسلکس گرفت دروستدەکات و هەروەک چۆن حونجەکردن بۆ منداڵانی ئاسایی باشتر فێری زمانەکەیان دەکات و دەتوانن وشەی نوێ بخوێننەوە هەرچەندە پێشتریش نەیانبینیبێت ، بەڵام ئەم پێڕەوی فێرکردنە ( حونجەکردن) بۆ کەسانی دیسلکسیا گرانە ، چونکە ئەو منداڵانەی بە حونجەکردن فێری پیتەکان و دەنگەکانی دەبن ئەم پێڕەوە بۆ هێشتنەوەی شێوە فۆنۆلۆژییەکانیش بەکاردەهێنن و لە هەنگاوی دواتردا بەدوای واتای نوسراوەکاندا دەگەڕێت ئەمەش لە ئەنجامی کۆکردنەوە و پەیوەندییە فۆنیمەکانەوە ، بەڵام لە دیسلکسەکاندا کەسەکە ناتوانیت پەنا بۆ کۆکردنەوە و پەیوەندی فۆنیمەکان بەرێت ، چونکە ئەو ناتوانێت لە وێنەی دووڕەهەندی ( هێما / ڕەمز)ەکان بگات و لێکیان بداتەوە بەمەش ناتوانێت لە واتاکانیشیان تێبگات وەک لە هێڵکاری (٤) دا خراوەتەڕوو .




هێڵکاری (٤)

## ٢/ ٥ )  مارکەلێدانی کارەکیی گرفتەکە

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانەی، کە پێشتر خستمانەڕوو هەوڵماندا تاقیکردنەوە لەسەر (٥٦) خوێندکاری بنەڕەتی قۆناغەکانی ( چوارهەم و پێنجهەم) ی سەرەتایی بکەین و ڕێژەی گەنج_ هەڵگرتن و بڕی زانیاری هەڵگیراو و بیرکەوتنەوەی ڕێکخراویانمان تاقیکردەوە دواتر بەراوردمانکردن بە ئەو قوتابیانەی، کە پێشتر وەک کەسانی (فێرنەبوو) دیاریکرابوون ژمارەی ئەمانیش (٨) قوتابی بوو و گەیشتنین بە چەند ئەنجامێک ، کەلە ڕێگەی چەند چارتێکەوە دەیانخەینەڕوو بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا میتۆدی چۆنێتی وەرگرتنی داتاکان دەخەینەڕوو :

***__تاقیکردنەوەی یەکەم__*** : ئەم تاقیکردنەوەیە لە دووبەش پێکدێت( میتۆدی تاقیکردنەوە ژمارەییەکان لە (**امال**، ٢٠٠٢ : ٧٧- ٨٤) ەوە وەرگیراوە) :

١. تاقیکردنەوەی زارەکی ( زارەکی / بینراوی نوسراو): کەسی دیسلکس لە کەسێکی ئاسایی جیادەکاتەوە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی زنجیرەی فۆنۆلۆژی قوتابییەکە، واتا کاتێک هەریەکێک لە پرسیارەکان ڕووبەڕووی قوتابیەکان کراونەتەوە یادگەی کارکەر( کورت_ خایان)یان هەوڵدەدات لەڕێگەی زنجیرەی فۆنۆلۆژییەوە فۆنێمەکان و بڕگەکان بناسێتەوە ، بۆیە هەریەک لە قوتابییەکان هەوڵدەدەن فۆنێمەکان لە ڕێگەی تایبەتییە فۆنوتیکییەکانیانەوە بدۆزنەوە و لە جیاکردنەوەی بڕگە و ڕێکخستنی فۆنێمیشدا پەنا دەبەنە بەر تایبەتییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانەکە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کاتێک بە زارەکی وەڵام دەدەنەوە بڕی کارکردنی زنجیرەی فۆنۆلۆژی دیاریدەکەن ،بەڵام لەو کاتەدا ، کە داوا لەقوتابییەکان دەکرێت شێوەی نوسراو و نیگاری دەنگە بیستراوەکان بهێنێتەوە ئەوکاتە قوتابی دیسلکس توشی تەنگژەی پەیوەندی نێوان سکێچی بینین و زنجیرەی فۆنۆلۆژی دەبێتەوە،واتە ناتوانێت پێکهاتە فۆنۆلۆژییەکان بگۆڕێت بۆ نوسراوی بینراو.

| . | ناوی قوتابخانه | ژمارەی قوتابیانی بەشداربوو | ژمارەی قوتابیانی دیسلکس | ژمارەی قوتابیانی نادیسلکس | ڕێژەی سەدی گرفتداران | ڕێژەی نزیکەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| . | قوتابخانەی هەوارەبەرزەی بنەڕەتی | ٣٦ | ١٣ | ٢٣ | ٣٦% | ٢ لە ٥ قوتابی |
| . | قوتابخانەی مەحوی بنەڕەتی | ٢٠ | ١٠ | ١٠ | ٥٠% | ٢-٣ لە ٥ قوتابی |

خشتەی – ١-

| **جۆری تاقیکردنەوە** | **جیاکردنەوەی بڕگە** | **جیاکردنەوەی دەنگ** | **ناسینەوەی دەنگ** | **ڕێکخستنی دەنگی** | **سەگمێنت جیاکردنەوە** | **کرتاندنی فۆنیم** | **فرەیی دەنگ** |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پرسیار | ٢ | ٦ | ٤ | ٢ | ٣ | ٥ | ٥ |

خشتەی -٢-

| . | جۆری تاقیکردنەوە | **قوتابخانەی هەوارەبەرزە قوتابیانی(ئاسایی + دیسلکسی سانا) لە کۆی ٣٦ قوتابی** | **قوتابخانەی مەحوی قوتابیانی (ئاسایی + دیسلکسی سانا) لە کۆی ٢٠ قوتابی** | **قوتابخانەی هەوارەبەرزە قوتابیانی دیسلکسی توند لە کۆی ٤ قوتابی** | **قوتابخانەی مەحوی قوتابیانی دیسلکسی توند لە کۆی ٤ قوتابی** |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | جیاکردنەوەی بڕگە | ٦ | ٦ | ٤ | ٤ |
| ٢. | جیاکردنەوەی دەنگ | ٢ | ٢ | ١ | ٤ |
| ٣. | ناسینەوەی دەنگ | ٩ | ٣ | ٣ | ٤ |
| ٤. | ڕێکخستنی دەنگی | ٢٠ | ١٢ | ٢ | ٤ |
| ٥. | سەگمێنت جیاکردنەوە | ١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ٦. | کرتاندنی فۆنیم | ١ | ٤ | ٢ | ٤ |
| ٧. | فرەیی دەنگ | ٩ | ١٠ | ٤ | ٤ |

خشتەی - ٣-

وەک لە خشتەی ( ٣) دادەردەکەوێت کە :

أ.زۆرتــرین هەڵە لە تاقیکردنەوەکــانی ( جیــاکردنەوەی بــڕگە ، ناســینەوەی دەنــگ ، ڕێکخستنی دەنگ ، فرەیی دەنگ ) دا ڕویداوە لەسـەر ئاستی هەرسێ حـاڵەتەکە ( ئاسـایی ، سانا، توند) ،

ب .کەمترین هەڵە لە تاقیکردنەوەکانی ( جیاکردنەوەی فۆنێم ، سەگمێنت جیاکردنەوە ، کرتانـدنی فـۆنێم) دا ڕوویداوە لە حـاڵەتی ( ئاسـایی و سـانا ) ، بەڵام ( کرتانـدنی فـۆنێم ) لە حاڵەتی ( دیسلکسی توند) دا ڕێژەکەی بەرزە .

٣. تــاقیکردنەوەی نوســراوی بینــراو _زارەکــی : ئەم تــاقیکردنەوەیە پــێچەوانەی تاقیکردنەوەی پێشووە هەرچەندە لە ئامانجدا یەکن ، چونکە لێرەدا قوتابییەکان لە ڕێگەی نیگـار ( نوسـراو) ەوە کـارکردنی یـادگەی کـورت_خایـان تاقیـدەکرێتەوە، لێـرەدا یـادگەکە هەڵدەستێت بە چالاککردنەوەی سـکێچی بینین دواتر ئەو زانیارییـانەی لێرەدا هەیە پێویست دەکات ، بنێرێت بۆ زنجیرەی فۆنۆلۆژی و هەر تەنگژەیەک ، کە لەم پرۆسـەیەدا ڕوودەدات دەبێتە هۆی دیاریکردنی کارنەکردنی هەردوو پێکهاتەکەی یادگەکە .

بۆ ئەم مەبەستەش دوو جۆر دروستە تـاقیکراونەتەوە ( وشـە و ناوشـەnon word) و پێکهاتەی وشە و ناوشـەکانیش لە (سادە و ناسادە و فرەبڕگە ) پێکهـاتوون ، چونکە تـاوەکو پێکهاتەکان فرەبڕگەبن ناسینەوە بەستنەوەیان گرانتر دەبێت و پێچەوانەکەشی دروستە.

أ . تاقیکردنەوە بە وشەی نوسراو :

| | | |
|---|---|---|
| با | شیش | داربەڕوو |
| تیر | کووڕ | کڵاوسوور |
| کات | پییل | کەروێشک |
| مەڕ | ژوور | سەربان |
| کۆن | دوور | هەڵماتێن |
| تێر | خوێن | شەڕەنگێز |

خشتەی _٤_

ب، تاقیکردنەوەی ناوشەی نوسراو:

| | | |
|---|---|---|
| بام | ستییس | فانترانیت |
| جیز | کوورل | گلافۆند |
| کاج | هییل | دریبون |
| میف | زوور | ستروبان |
| شۆس | دوولد | واکبین |
| تێف | دوێل | شرۆکان |
| بووژ | دویر | نیروبەن |

خشتەی _٥_

***تاقیکردنەوەی دووهەم***: تاقیکردنەوەی ( دیاریکردنی بڕی هەڵگرتنی زانیاری) : ئەم تاقیکردنەوەیە لە چەند زنجیرەیەک ژمارە پێکدێت ، کە ڕیزبەندییەکانیان لە (٣یەکە) ژمارەوە پێکدێت بۆ ( ٨ یەکە) ژمارە :

تاقیکردنەوەی یەکەم : زنجیرەی یەکەم : ٥ ــ ٣ ــ ٦
هەڵی دووهەم : ٤ ــ ٧ ــ ٢

تاقیکردنەوەی دووهەم : زنجیرەی یەکەم : ٦- ٥- ٣- ٩
هەڵی دووهەم : ٢- ٧ ــ ٣ ــ ٨
تاقیکردنەوەی سێهەم : زنجیرەی یەکەم: ٢ ــ ٤-٨ -٣- ٩
هەڵی دووهەم : ٥- ٢-١-٨-٦

| ژ. | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی مەحوی بنەڕەتی | | | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی هەوارەبەرزەی بنەڕەتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | قوتابیانی دیسلکسی سانا | قوتابیانی ئاسایی | یەکەی ژمارە | قوتابیانی دیسلکسی سانا | قوتابیانی ئاسایی | یەکەی ژمارە |
| ١ | / | / | **٣ژمارەیی** | / | / | **٣ژمارەیی** |
| ٢ | / | / | ٤ **ژمارەیی** | / | / | ٤ **ژمارەیی** |
| ٣ | ١-٢ | هیچ-١ | ٥ **ژمارەیی** | هیچ-١ | / | ٥ **ژمارەیی** |
| ٤ | ١- ٤ | هیچ-١ | **٨ژمارەیی** | ١-٤ | ١-٤ | **٨ژمارەیی** |

خشتەی _( ٦.أ)_

| ژ. | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی مەحوی بنەڕەتی قوتابیانی دیسلکسی توند | | | | | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی هەوارەبەرزەی بنەڕەتی قوتابیانی دیسلکسی توند | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | حاڵەتی د | حاڵەتی گەش | حاڵەتی نە | حاڵەتی نم | یەکەی ژمارە | حاڵەتی ب | حاڵەتی گ | حاڵەتی ئیل | حاڵەتی ئا | یەکەی ژمارە |
| ١. | ١ | ١ | / | / | **٣ژمارەیی** | / | / | / | / | **٣ژمارەیی** |
| ٢. | / | ٢ | ١ | / | ٤ **ژمارەیی** | / | / | / | / | ٤ **ژمارەیی** |
| ٣. | ١ | ٢ | ١ | ٢ | ٥ **ژمارەیی** | / | ١ | / | ٣ | ٥ **ژمارەیی** |
| ٤. | ٣ | ٤ | ٤ | ١ | **٨ژمارەیی** | ٢ | ٥ | ٣ | ٥ | **٨ژمارەیی** |

خشتەی _(٦.ب)_

***تاقیکردنەوەی سێیەم***: تاقیکردنەوەی (بڕی زانیاری ڕێکخراو بە دوایەکدا هاتوو ): ئەم تاقیکردنەوەیە لە چەند زنجیرەیەک ژمارە پێکدێت ، کە ڕیزبەندییەکانیان لە (٣یەکە) ژمارەوە پێکدێت بۆ ( ٨ یەکە) ژمارە و لەم تاقیکردنەوەیەدا ژمارەکان بە پێچەوانەوە بەدەستدەهێنرێنەوە ، واتە لە پێشدا منداڵەکە لە شێوەی ڕیزبەندییە ئاساییەکەیدا دەیبینێت بەڵام

دواتر بە ڕیزبەندی پێچەوانەی و بە ڕێکخراوی دەیانهێنێتەوە ئەمەش لە پێناو پێوانەکردنی توانای بەدەستهێنانەوەی ڕێکخراو لە زنجیرەی فۆنۆلۆژی لە یادگەی کارکەردا و هەردو تاقیکردنەوەی (١،٢،٣) بڕی کاتی خایانراو بۆ هەر زنجیرەیەک ( یەک خولەک)ە بەم شێوەیە :

تاقیکردنەوەی یەکەم : زنجیرەی یەکەم : ٥-١١
هەڵی دووهەم : ٢- ٩
هەڵی سێهەم : ٧- ١٢
تاقیکردنەوەی دووهەم : زنجیرەی یەکەم : ٥- ٧ – ١١
هەڵی دووهەم : ٣- ٤- ١٠
هەڵی سێهەم : ٦ – ٨ – ١٣

| ژ. | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی مەحوی بنەڕەتی قوتابیانی دیسلکسی توند | | | | | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی هەوارەبەرزەی بنەڕەتی قوتابیانی دیسلکسی توند | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | حاڵەتی د | حاڵەتی گەش | حاڵەتی نە | حاڵەتی نم | یەکەی ژمارە | حاڵەتی ب | حاڵەتی گ | حاڵەتی ئیل | حاڵەتی ئا | یەکەی ژمارە |
| ١. | ١ | * | * | / | ٣ژمارەی | * | / | / | * | ٣ژمارەی |
| ٢. | / | * | * | / | ٥ ژمارەیی | * | / | / | * | ٥ ژمارەیی |
| ٣. | / | * | * | / | ٨ژمارەی | * | ١ | ٣ | * | ٨ژمارەی |

تاقیکردنەوەی سێهەم : زنجیرەی یەکەم : ٦- ١٠ – ١٢-١٧
هەڵی دووهەم : ٢- ٥ -٩ -١٢
هەڵی سێهەم : ٤- ٧- ١٠ -١١

خشتەی _(٧.أ)_

| ژ. | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی مەحوی بنەڕەتی | | | ژمارەی هەڵەی قوتابخانەی هەوارەبەرزەی بنەڕەتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | قوتابیانی دیسلکسی سانا | قوتابیانی ئاسایی | یەکەی ژمارە | قوتابیانی دیسلکسی سانا | قوتابیانی ئاسای | یەکەی ژمارە |
| ١ | / | / | **٣ژمارەیی** | / | / | **٣ژمارەیی** |
| ٢ | / | / | **٥ژمارەیی** | / | / | **٥ژمارەیی** |
| ٣ | ١ـ٤ هەڵە | / | **٨ژمارەیی** | ٣ هەڵە | ٢ هەڵە | **٨ژمارەیی** |

خشتەی _(٧.ب)_

تێبینی : هێمای (/) بەرامبەر نەبوونی هیچ هەڵەیەکە و هێمای (*) بەرانبەر تێنەگەیشتنی خودی تاقیکردنەوەکەیە.

شیکردنەوەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی (دووهەم و سێهەم ) :

١. تاقیکردنەوەی دووهەم : بەدەستهێنانەوەی زانیاریی لەم تاقیکردنەوەیەدا پەیوەستە بە چەقبەستنیان لە جێکەوتەیەکی دیاریکراودا واتە ئەو ژمارانەی لە سەرەتا و کۆتاییەوە دەبن زنجیرەبەندییەکانیان ئاسانترە بۆ بیرکەوتنەوە ئەوەی لە تاقیکردنەوەکەدا دەبینرێت ، کە تەنها یەکەی زنجیرەی فۆنۆلۆژی کاریکردووە و بۆ ئەوەی لەبیربمێنێت دەبێت هەوڵبدرێت زیاتر لە جارێک دووبارە بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەڵبگیرێن ، لەبەر ئەم هۆکارە دەبینین قوتابییە دیسلکسەکان ڕێژەی بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکانیان لە بەرانبەر قوتابییە ئاساییەکاندا کەمترە ، چونکە هەندێک لەم خوێندکارانە ڕادەی هەڵگرتنی زانیارییان لە زنجیرەی فۆنۆلۆژیدا کەمە یاخود میکانیزمەکانی ئەم زنجیرەیە هێندە بە خاوی کاردەکەن ناتوانن زنجیرەبەندیی ژمارەکان بپارێزن .

هەندێکجار سکێچی بینین بە باشی کار ناکات بۆیە (پاش و پێش ، کرتاندن ...) دەکەوێتە نێوان ژمارەکانەوە ، لە قوتابییە دیسلکسەکاندا بەتەواوەتی ئەم حاڵەتە دەردەکەوێت و چەند جارێک دووبارەبووەتەوە .


٢. تاقیکردنەوەی سێهەم : ئەم تاقیکردنەوەیە نەک تەنها بڕی هەڵگرتن دیاریدەکات بەڵکو چۆنێتی چارەسەرکردنی زانیارییەکانیش لە ڕێی ڕێکخستنەوەیان ڕووندەکاتەوە ، کە دەچێتە ناو سکێچی بینینەوە هەڵدەگەڕێنەوە و هێنانەوەکەشیان بە شێوەیەکی نزم – بەرز دەهێنرێتەوە ئەمەش ئەرکی بەدەستهێنانەوەکان ئاسانتر دەکات هەر ئەم ئەنجامەشە ، کە لە خشتەکاندا دەبینرێت ، کە تەنانەت دیسلکسەکانیش توانیویانە بە ئاسانای ئەم زانیارییانە بهێننەوە .

### ٣) چارەسەر و پێشنیاز

دەشێت چارەسەر و پێشنیازەکان لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو

١. ناسینەوەی فۆنێمەکان ، کە پێیدەگوترێت زیرەکی فۆنۆلۆژی لای منداڵانی دیسلکس گرفتدارە و نەک تەنها ئەمە بەڵکو ناسینەوەی فۆنەتیکیشیان گرفتی هەیە هۆکارەکەشی ئەوەیە ستراتیژی حونجەکردن لای ئەم منداڵانە گەشەی نەکردووە و نەخشەی زانیاری فۆنەتیکییان پڕاوپڕ نییە و بەمەش لە حونجەکردندا هەڵە دەکەن.

لێرەوە لە زمانێکی وەک زمانی کوردیدا( پێڕەوی حونجەکردن) بۆ ئەم منداڵانە گونجاو نییە، چونکە حونجەکردن بنەمایەکی جوڵاو دروستدەکات و ئەم جوڵانەش بۆ دیسلکسێک ناسینەوەیان ئاسان نییە هەر بۆیە شیاوترە بە پیتەکان وێنەی ڕاستەقینە بچوێنرێن بۆ ئەوەی ناسینەوەی پیتەکان ئاسانتر بێت وەک ( ب) شێوەکەی بۆ بکرێت بە وێنەی قاپێک کە سێوێکی لێکەوتووەتە خوارەوە:



وێنەی (١)

یان سەرجەمی وشەکان بکرێن بە وێنە وەک وشەی (دار ) بکرێت بە :




یان

وێنەی (١)

منداڵەکە لێرەدا بە ئاسانی وشەی دار فێردەبێت و بە ئاسانی دەتوانێت بە وشە بنەڕەتییەکەوە لە ڕێگای وێنەیەکی ڕاستەقینەوە ، کە شێوەی دارەکەیە وشەکە بناسێتەوە .

لەلایەکی ترەوە کەسی دیسلکس ناتوانێت چاککردنەوەی هەڵەی ئیملای بناسێتەوە بۆیە پێویستە بە ڕەنگی قەڵەمی جیاواز هەڵەکانی بۆ ڕاستبکرێتەوە و لەسەریشی بدوێن بۆئەوەی جگە لە زانیاری نوسراو زانیاری بیستراویشی لەسەر هەڵەکەی لەلابێت .

هەروەها پرۆگرامی خوێندن دەبێت لە دەقەوە بچێت بۆ تاک بەمەبەستی دروستکردنی وێنە و چەمکی گشتی لەسەر بابەتەکان .

٢. لە ڕێگەی وێنەی سێ ڕەهەندییەوە بۆ پیتەکان هەوڵبدرێت پێڕەوی پیتەکان یان وشەکان فێری منداڵان بکرێن ، چونکە دیسلکسەکان لە وێنەی دووڕەهەند تێناگەن وەک پێشتر ئاماژەمانپێدا.

٣. بەردەوامبوون و دووبارەکردنەوە بۆ ئەو شتانەی فێریان بووە یارمەتیان دەدات لە ناسینەوەی پیتەکاندا .

٤. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئایپاد یارمەتی بەهێزکردنی سکێچی بینین دەدات هەروەها ئەرکی نیگارکێشانی پیتەکانیش کەم دەکاتەوە .

٥. منـدالانی لەم چەشـنە پێویسـتیان بە کـاتە بـۆ ناسـینەوە و ڕێکخسـتنەوە لەبەرئەوە پێویستە ، کە زۆرترین کاتیان بدرێتێ بۆچارەسەرکردنی کێشەکان .

٦. ڕاهێنـــانی زۆری دووبـــارەبووەوە لە پێنـــاو خێراکردنـــی میکانیزمەکـــانی بەدەستهێنانەوە و پەیکاڵبوونی سکێچی بینین و زنجیرەی فۆنۆلۆژی .

٧. دروستکردنی گەمە لە ناو پۆلدا و هێنانەوەی تێکست ، کە وشەی دووبارەبووەوەی زۆر تێدابێت .

٨. شوێنی خوێندن بێدەنگبێت و زۆرترین سەرنج و گرنگیدان بۆ ئەم چەشنە منداڵە بێت بۆ ئەوەی خەیاڵ و سەرنجی نەڕوات.

٩. دوو چەشن ستراتیژ لە فێرکردندا (البحیری :٢٠٠٦ )پێویستە "

أ. ستراتیژی پەیوەست بە قسەکردن و بیستنەوە :

- بە شـــێوەیەکی ڕوون دەبێـــت قســـەبکرێت و وشـــەی نـــامۆ لە تێگەیشـــتندا بەکارنەهێنرێت .
- دڵنیـا بـوون لەوەی خوێنـدکارەکان و بە تـایبەت دیسلکسـەکان گوێیـان لە هەمـوو ئەوەیە ، کە دەگوترێت .
- پرسیارکردن یەک یەک بێت و کۆمەڵێک پێکەوە نەبێت .
- پرسیاری هاندەرانە بەکاربهێنرێت .
- جیاکـــاری و دژ و ئەرکـــی شـــتەکان و هـــۆو ئەنجـــام لەکـــاتی وانە وتـــنەوەدا بەکاربهێنرێت .

ب. ستراتیژەکانی پەیوەست بە خوێندنەوەوە:

- زۆر لە قوتابیانی دیسلکس نەکرێت بە دەنگی بەرز بخوێننەوە .
- ئەو بابەتەی دەیخوێننەوە دەبێت ئاسان و ڕوونبێت .
- بەکارهێنانی هێڵ و نیگاری گەورەو جیاواز لە قەبارە و ڕەنگدا.
- بەکارهێنانی پەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ .
- نەهێشتنەوەی قوتابی لەسەر حونجەکردن و ڕاستکردنەوە بە یەک تەوژم، بەڵکو لەسەرخۆ و یەک بەیەک و بە دووبارەکردنی زۆرەوە هەریەک لە هەڵەکان ڕاستبکرێنەوە .

## ئەنجامەکان

١. دیسلکسیا یەکێکە لە گرفتە ( زمانی – پەروەردەییەکان) ، کە ئاستەنگێکی گەورەیە لە بواری فێرکردندا و منداڵانی توشهاتوو بەم گرفتە تەنها لەسەر ئاستی خوێندن توشی قەیران نابن بەڵکو لەسەر ئاستی ( کۆمەڵایەتی و دەرونیی و مەعریفیش) توشی کێشەدەبن .

٢. منداڵانی توشهاتوو بە دیسلکسیا گرفتیان لەسەر ئاستی یادگەی کارکەدا هەیە بەتایبەت زنجیرەی فۆنۆلۆژی و سکێچی بینین و بەیەکەوە کارنەکردنی ئەم دوو پێکهاتەیەی یادگەی کارکەر دەبێتە هۆی نەناسینەوەی پیتەکان .

٣. میکانیزمی حونجەکردن میکانیزمێکی سەرکەوتوو نییە بۆ فێرکردنی ئەم جۆرە منداڵانە .

٤. سروشتی زمانەکان هۆکاری گەشەسەندن و توندبوونی دیسلکسیان بەتایبەت ئەگەر ئەو زمانە چەند پێڕەوێکی فۆنۆلۆژی کاری تێدا بکات .

٥. پەیوەست بە زمانی کوردییەوە تێکەڵاوکردن لای منداڵانی دیسلکس دروست دەبێت لەسەر ئاستی ڤاوڵەکانی ( ا- ە) و شوێنی کۆنسونانتەکانی ( ب – پ) ...هتد .

٦. منداڵانی دیسلکس ناتوانن وشەی درێژ بەیەکەوە بنوسن و شوێنی سترێسەکان ناناسنەوە بۆنموونە لە زمانی کوردیدا شوێنی سترێسی (وو – یی ) ناناسنەوە.

٧. دروستەی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردی گرفتی تێگەیشتن و ئاڵۆزبوونی دەربڕاوەکان دروستدەکات بۆیە لەکاتی فێرکردندا پێویستە مامۆستایان بە ڕستەی کراوە و سادە مامەڵەی ئاخاوتنی لەگەڵ خۆێندکارانی دیسلکسدا بکەن .

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

١. خورشید، غازی عەلی. ٢٠١١، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی .

٢. مەحموود، ئاڤێستا کەمال:٢٠١٢، . پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا . چاپخانەی بەڕیوەبەرایەتی چاپ و پەخشی ڕۆشنبیری، سلێمانی .

٣. مەحوی، محمد،٢٠٠٨، "فۆنەیتیک و فۆنۆلۆژیی"، بەرگەی یەکەم و دووهەم. زانکۆی سلێمانیی.

٤. مەحویی، محەمەدی،٢٠٠٠، "چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردییو ڕێزمانی عارەبیی". سلێمانیی.

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

١. أمال، بن صافية، ٢٠٠٢ ، الذاكرة العاملة لدي المصابين بعسر القراءة ،رسالة ماجستير

٢. البحيري، جاد،٢٠٠٦، الدسلكسيا :كيف يمكن للمدرس المساعدة . المؤتمر الدولي لصعوبات التعلم .

**سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

1. Baddeley, A.D.(1986). Working memory .Oxford University Press

2. Broom, Y.M. & Doctor, E.A. (1995). Developmental phonological dyslexia: a case study of the efficacy of a remediation programme. Cognitive Neuropsychology, 12(7).

3. Catts, H. (1989). Phonological processing deficits and reading disabilities. In A. G. Kamhi & H. W. Catts (Eds.), Reading

disabilities: A developmental language perceptive. Boston: Allyn & Bacon.

4. Dinklage, Kenneth T.(1971). “The Inability to Learn a Foreign Language.” Emotional Problems of the Student . Ed. G. Blaine and C. McArthur. New York: Appleton.

5. Estienne, F. (1972). Approach to Dyslexia dysorthography.(26).

6. Hales, G. (1994) .Dyslexia Matters. London: Whurr.

7. Hammond and F. Hercules (2000) Understanding Dyslexia: An Introduction for Dyslexic Students in Higher Education. Glasgow: Glasgow School of Art.

8. Orton, S. (1937). Reading, writing and speech problems in children: A presentation of certain types of disorders in the development of the language faculty. NY: W. W. Norton.

9. Ramus, F.Mashall, R. and others .(2013).Phonological Deficitic Language Impairment and developmental dyslexia. Brain A Journal of neurology . Havard University.

10. Rice M.L, Warren S.F, Betz S.K.(2005). Language symptoms of developmental language disorders : An overview of autism, Down syndrome, fragile X specific language impairment, and Williams syndrome. Applied Psycholinguistics.

11. Shaywitz, B., Shaywitz, S., et al. (1995). "Sex differences in the functional organization of the brain for language." Nature, 373.

12. Tallal, P., Miller, S., & Fitch, RH. (1993). Neurobiological basis of speech: a case for the preeminence of temporal processing. In Proceedings of the NY Academy of Sciences Conference on Temporal Processing, with Special Reference to Dyslexia and Dysphasia. A.M. Galaburda, R. Llinas, and P. Tallal (Eds.). Annals of the NY Academy of Sciences.

# الخلاصة

ان هذا البحث يتناول موضوع (عسر القراءة ) الذي هو مشكلة لغوية تربوية ، أن عسر القراءة والكتابة، واحد من أكثر أنواع صعوبة التعلم شيوعا. إنه مرتبط بطريقة معالجة اللغة، وعادة ما يجد الأطفال صعوبة في القراءة والكتابة والتهجي.

الذين يعانون من ديسلكسيا يجدون صعوبة في طرح أفكارهم على الورق و لهذا لا نكتشف هذا المشكلة في وقت مبكر لدى الاطفال لانهم بحاجة الى دخول المدرسة حتى يمارسوا القراءة و الكتابة ، و كما أن الأطفال لا يعانون من هذه الصعوبات لأن لديهم مشاكل بصرية أو سمعية، أو لأنهم أغبياء، ولكن بسبب أن دماغهم غير قادر على معالجة اللغة بصورة طبيعية و ذاكرتهم القصيرة المدى ( الذاكرة العاملة ) لديها طرق اخرى لمعالجة المعلومات و يتميز هذه المعالجة بان الحلقة الفونولوجية و المفكرة الفضائية لاتعملان معا او يحتاجان لوقت اطول لترتيب و التعرف على اللغة المكتوبة و هذه الالية يبين مشكلة الاطفال مع الصور الأحرف و القراءة و الكتابة .

ان هذا البحث يتناول اهم الاسباب لهذه المشكلة و طرق المعالجة التعليمية لانه لا يوجد علاج للديسلكسيا، ولكن هناك عدة طرق تساعد الطفل على التغلب على صعوبات القراءة والكتابة. في معظم الحالات التشخيص المبكر يساعد الطفل في اكتساب مهارات للتغلب على الصعوبات كما ان دراسة طبيعة اللغة يساعد في بناء طرق التدريس وأساليب التعليم فاعلة لذوي عسر القراءة .

## Abstract

study (The Language – Education Disorder : This research is Dyslexia Disorder as an example) which is both lingual and education problems, dyslexia is one of the most spreading type of learning difficulties and children usually find difficulty with writing , reading and spelling .

Dyslexics find difficulties in translating their thoughts ( ideas) to word on paper , so that it is hard to discover this problem in early time before they practice writing and reading , besides their dyslexic problem does not come from sight or ear weakness or because they are dump , but because their mind’s in ability to treat language in a natural way and their working memory has another way of treating information, the phonological loop and visual sketch do not working together in the way that normal children do and they need more time to put information in order and recognize the written language , this mechanism demonstrating children’s problems with words from, reading and writing .